# سەرکردەو ڕابەر لە چەند دێڕێکدا

توانا

کاتێک کۆمەڵگەی مرڤا یەتی لە سەرەتای دەستپێکدا بوو ،پە یوەندی یەکە لە سەر بنەمای خێزان" ژن و پیاو"ئینجا باوک و کوڕ و خوشک و براو خزما یەتیدا بوو...

بە رە بەرە ئەوەی کەمێک بازووی بە هێز تر بوایە، یان زاناتر و بە دیوێکی تردا فێڵبازتر بوایەدیار تر دەبوو لە وانی تر لە نا و کۆمەڵەکەیدا..

لەگەڵ جێنشین بوونی مرۆڤ و سەرەتای مولکداری،حەتمەن ئەوەی کە بە هێز ترو زۆر زانترە دەتوانێت پارچە زەوییەک زیاتر لە ئەوانی تر " استغلال" بکات، یاخود چەند ئاژەڵێکی زیاتر ڕاگیر بکات، ئەمە ڕەنگە سەرەتای سەرهە ڵدانی تۆوی سەرکردەو ڕابەرایەتی بوو بێت لە مێژووی دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا.

لە مێژووی " پچڕ پچڕ" دا هە ردەم پێغەمبەران ڕابەرایەتی خەڵکیان کردووە و ئەرکی نیشاندانی چاکە و چاکە خوازی کۆمەڵگایان گرتووەتە ئەستۆ ئەمە ش زیاتر ڕوخسارێکی بیر و تیۆری لە خۆ گرتبوو، ئەگە چی جا رجار لە پێناو بە رژەوەندی یەخود دەسەڵاتیشدا بوو بێت. لە ئەنجامدا دەسەڵاتی زلهێز و زەبەلاح لە شێوەی ئیمپراتۆریەکان دروست بوو ، ئەمانەش هە ریەک لە سەر بنەمای ڕەگەز یا ئایین یا بیرێک بوو ، لە کۆتایی دا لە ئیمپراتۆریە تی ڕۆم و فارس دا خۆی بینییەوە، کە هە ر یەکێکیان ڕوخسار وخەسڵەتی سەرکردە تێیاندا جودا بوو لەوی دی ، کە ناوی پادشا یا ئیمپراتۆری لە خۆ دەگرت ،کە ئەو دەمە لەگەڵ سەرهە ڵدانی ئایینی ئیسلامدا لە یەک کات و ساتدا هاو سنوور بوون ، دەسەڵاتی پێغەمبەر ی ئیسلام و هە ر چوار یارانی بەڕوونی دیارن . بە لاّم لە سەردەمی ئەمەوی و پاشان عەباسییەکان لە ناوەڕۆک زۆر گۆڕانی بەسەردا هات ، پاشان عوسمانییەکان کە بە ناوی " خەلیفە" وە دەسەڵاتیان دەکرد ئەویش دوای هاتنی مەغۆلەکان بوو بۆ ناوچەکە.

لەکۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و سەرەتای دەست تێوەردانی ناوچەکەو دانانی نە خشەی سیاسی بۆی. لە مە شدا کوردی بە د بەخت بێ ئالاّو و بێ کیان و بێ بەش و ماڵ وێران بوو ، هە ر بۆیە سەرکردەو ڕابەری تەنها لە نەیاری دەسەڵات و ڕابەری شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی خۆی دەبینییەوە.

لە ژێر هە ر ناوو ناسنامەیەکدا بێت ،ئەگەر یەکێک جڵەوی سەرکردایەتی میللەتێک یاهۆزێکی بەدە ستەوەبۆ بێت ، زۆر جار پێویستی هە نوکەیی ئەو هۆزە یان میللەتە هۆی گەشتنی بووە بە و دەسەڵاتە . یان زۆر جار وەزعی دەرەکی وای کردووە ئەو دەسەڵاتە بسەپێنرێت.زۆرجاریش ناو ناوبانگی باو باپیران و بنەماڵەکەی دە بێتە کلیلی گەیشتن بە دەسەڵات.

هە ر چۆن ناتوانین بڵێین هۆی گە یشتن بە دەسەڵات دیاری بکەین لە یەک خاڵدا ، هە ر ئاوا دەتوانین بە وپەڕی قەناعەتەوە بڵێین مە حاڵە کە سێک " سەرکردە" یەک چە ند زاناو لێهاتوو خاوەن ئەزمون و هێز بێت بۆ کاتێکی دوورو درێژ بە بێ دروست بوونی " درز و کەلێن " لە نێوان خودی دەسەڵات و جەماوەر دا ڕۆڵی سەرکردە ببینێت گەر ئەو کۆمەڵگا یە لە و پەڕی بێسەلیقەیشدا بێت.

چونکە ئەو سەرکردە یەی بۆ کاتێکی دیاری کراو " ضرورة" تە بە نەمانی ئە و " ضرورة" ڕۆڵی گرنگەکەی لە دەست دەدات و ما نەوەی تەنها بۆ کات بەسە ر بردنە، سەر باری ئەوەی بار قورسییەکیشە بۆ سەر میللەت . جا ناکرێت و نابێت سەرکردەیەک هەم قارەمانی جەنگ و سەرکەوتن و هە م پاڵەوانی ئاشتیش بێت .

ئەگەر هیتلەری ڕەحمەتی بهێنینەوە بەخاچە چەماوەکەی سەر شانییەوە ، باس لە ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان بکات ، چەند سەیر دەبێت؟!!

یا کاتێک جۆرج دەبلێو بۆ ش دەبینین بە سنگ دەرپە ڕاندنەوە پێشوازی لە سەرکردەکانی وولاتانی تر دەکات ، یان کاتێک لە بەردەم سە ربازە ئەمریکایی یەکاندا دەوەستێت ، ئەمڕۆ گوزارشتە لە باڵا دەستی یان لە سە ر ڕووی زەمین ،کەچی گەر بەراوردی ووردی بکەین لە گەڵ مێژووی سەرۆکایەتی باوکیدا " 1989-1993" زۆر جیاوازە ، چونکە ئەو چەند ساڵەی پێش " کۆنگرەی یاڵتە " لە ئە یلولی 1990 ئەمریکا ئەو ڕۆڵە ی ئێستای نەبوو ، هە ربۆ نمونەش ئەو سەرکردانەی تری ئەمریکا زیاتر ڕۆڵی گۆشەگیرییان دەبینی لە کاتی دروست بوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان" عصبة الأمم" تاوەکو جەنگی جیهانی دووەم ، وەک " کالڤن - هیربەرت......هتد) ، واتە دەوری باڵا دەستی ئەمەریکا لە دوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهە ڵاتە وە دەستی پێکرد کە ئاغر ئاغر کۆنتڕۆڵی جیهانیان کەوتە دەست .

بە هە مان شێوە ڕۆڵی سەرکردەکانی پێشو ی یەکێتی سۆڤیەتی جاران " ستالین-بریجنێڤ" جیاوازە لە ڕۆڵی روسیای ئێستاو سەرکردەکانی.

جا درێژ بوونەوەی فەرمان ڕەوایی هە ر سەرکردەیەک بۆ کاتێکی زۆر ، دەبێتە هۆی وەستانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو نابوت بوونی ڕوخساری ئەو سەرکردەیە.

بیری پێش وەختی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، بەتایبەت وولاتە خوا پێداوەکانی دونیا، وای کرد بەکردەوە ڕوخساری دەسەڵات بە بەردەوامی بگۆڕن ، لە پێناو ئەمەشدا سندوقی دەنگدانیان کردوەتە سەنگی مەحەک لە جیاتی شۆڕش و ئاشوب و مل پەڕاندن و نا و زڕاندن و سفر کرنی بەرامبەر ، کە لە شێوەی کودەتا و شۆڕشەکاندا خۆی دەبینێتەوە ..

گۆڕانی ڕوخساری دەسەڵات بە شێوەی ئاشتی و دەنگدان ڕۆڵی ناشیرینی سەرکردەکان ماکیاژ دەکات و درزی نێوان گەل و دەسەڵات کەم دەکاتەوە.

باوەش پێکردنی سەرکردەکانی لای ئێمە بە کورسی دەسەڵات ،وەک ئەوەی کە چەند بۆماوەیەکی زۆرحوکمڕانی بکەن ،ئەوەندە مێژوو زیاتر باسیان بکات. هە ڵەیەکی کوشندەیە.چونکە مێژوو باس لە هە موو دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ڕوداو پێشهاتەکان چی یەو چۆن دەبن؟! نەک هە ر کات بەسەر بردن و مانەوەی لەسەر کورسی بێت.

سەدام حوسێن نمونەیەکی زیندوە و ئاشکرایە لای هەموان کە خۆی و بنەماڵەکەی و حیزبی بەعس 35 ساڵی ڕەبەق حوکمی گەلانی عێراقیان دەکرد هاوتەبایان نەبوو لە دڕندەیی دا و بوبوونە ڕمزی شەڕو شەڕەنگێزی لەناوخۆو ناوچەکەو جیهاندا ،کەجیگایان تەنها لەدڵی هاوبیرانی خۆیاندا کردبوەوە.

بەڵام نیلسۆن ماندێلا ی ڕوو سپی لەکیشوەری ڕەش هە ڵگەڕاو لە شەڕو نەهامەتی،دوای ساڵانێکی زۆر لە بەندکردنی ، پاشان ماوەیەکی کەم لە فەرمان ڕەوایی، توانی جێگەی خۆی لەدڵ ودەروونی هە موو بەشەرەف و ئازادی خوازێکی سەرڕووی زەوی بکاتەوە و ببێتە ڕەمزی داهێنانی شێوازی دەسەڵات و

چاکەخوازی، وەک دەردەکەوێت هە ریەک لە و دوانەبەرهەمی کاروکردەوەکانیان دووریەوە ، سەدام بەرهەمی کوشتن وبڕین گەیاندیە زیندان، ماندیلا ش دوای 27 ساڵ زیندانی گەشتە ترۆپکی دەسەڵات...!

میکافیلی دەڵێت:گرنگ نی یە میر خۆشەویست بێت لەلای خەڵکی ، بەڵام گرنگ ئەوەیە خەڵک سڵی لێبکەنەوەو نەتوانن زەفەری پێبەرن".....

وابزانم دوای تێپەڕ بوونی زیاد لە 450 ساڵ بەسەر مردنی میکافیلی فەیلەسوفدا، زۆر لە "مفاهیم" و تێگەشتنەکانی دەسەڵات و سیاسەت بەتەواوی گۆڕاون ، زەبرو زەنگیش باوو تەنا نەت زۆر جار نا ویشی

نەماوە.چونکە تا 20ساڵێک پێش ئێستا ،باسی لێپڤسینەوەی سەرکردەیەک یا ڕاپێچکردنی بۆکونجی بەندیخانە،یاتاوانی کوشتنی گەلانی خۆی بدرایەپاڵ " خەون بوو" ... بەڵام ئێستا " میلۆسۆڤیج، سەدام ......"ئەوانەی بەڕێوەن زۆرن.

بەکوردی بەکورتی:

باش وایە، سەرکردەو ڕابەری ئێستا ، بەواقیعی ئەمڕوی جیهان بڕواننە کورسی ودەسەڵات ،و هێزو بازوو چاوسوور کردنەوە نەبێتە .دروشم وئاکاریان.

لەبەرهیچ نا ، تەنها بۆ ئەوەی لەکونجی بەندیخانە ڕوو زەرد ی جەماوەر و مێژوو نەبن ، و بەدوعا.